# دەزگای بەدرخان سەرۆکی ڕۆژنامەی SVD ڕۆژانەی سویدی خەلاتکرد



لە ڕێکەوتی 23،10 ڕۆژی سێ شەم کاتژمێر یانزەونیوی پێش نیوەڕۆ، حمید بدر خان بە ڕەسمی لەلایەن سەرۆکی schipset Media داوەت کرابوو بۆ ڕۆژنامەی SVD،هەر بەم بۆ نەیەوە سەرۆکی دەزگای Grup Media ڕێزدار HEDIN بە فلیم باسی لە کارو چالاکی و دەزگاکەیانی کرد بۆ حمید بدرخان، هەر هەمان ڕۆژنامە دیدارێکیان لە گەل سەرۆکی دەزگای بدرخان ئەنجام دا، لەم دیدارەدا باسی لە ڕۆژنامەگەری کوردی بە گشتی و دەزگای بەدرخانی بەتایبەتی کرد.

حمید بدرخان باسی چالاکی وچاپەمەنی وبلاوکاوەکانی دەزگای بەدرخان و پرۆژەی چاپکردنی ئینسکلۆپیدیای هەولێری بۆ کردن،

هەروەها پێشنیاری کرد کە پاشکۆ یەکی هەوال وچالاکیەکانی ڕۆژنامەی SVDبە زمانی کوردی لەگەل ڕۆژنامەی بەدرخان بلاو بکاتەوە،پێشنیاریشی کرد گروپی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە گەل دەزگا چاپەمەنی ورۆژنامەوانیەکانی ئەسکەندەنافیا هاوکارو هەماهەنگبن بە تایبەتی ڕۆژنامەی SVD .لە کۆتایدا سەرۆکی دەزگای بدر خان خەلاتی بدرخانی بە خشی بە بەڕێز HEDINلە گەل ڕۆژنامەی کوردستان وئەلبومی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەی بدرخان بەبۆنەی 109 سالەی ڕۆژنامەگەری کوردی کە لە بەرلین چاپکرابوو،لە کۆتاییدا هەردوو لا یەکتریان داوەتی وولاتی خۆیانکرد.

بدرخان لە سوید